# ڕێبوار عارف شایستەی ئەوەیە بکرێت بە وەزیری مافی مرۆڤ لە کوردستان
# نەک هەر ئازاد بکرێت و بەس



فازڵ عوسمان

## بەعسی عەرەبی بەعسی کوردی

عائلەی مالکە لە عێراق هەر وەکو هەموو مان ئاگاداری مێژووە بۆگەنەکەیین،هەتا دوا لەحزەی تەمەنی نەگریسی پڕ لە زوڵم و زۆرداری ،تا ئەو لەحزەیەی کوتەکی جەماوەردەرگای پێ نەکوتان،ئەوەیان لە خۆ نیشاندەدا کە دونیا شامی شەریفە،چونکە لە جەماوەرە نەک هەر دوور بوون بەڵکو جەماورییان هەر ئاغاو دەرەبەگ بوون، لەوان بترازێ ئەوی دی بە ڕوح لە بەریش حساب نەبوو،بەڵام بە داخەوە ڕەنجی جەماوەری ڕاپەڕیوی عێراق و کوردستان ئەو کاتە بەعسی عەرەبی قۆستی یەوە، بەعسی یە عەرەبی یەکان ،ژێر بە ژێر لە گەڵ مەلیکی بەریتانیا،سەدامی دیکتاتۆریان دەرخواردی جەماوەری ڕاپەڕیو لە سەرانسەری عێراقدا ،بەکتریای ئاغاو دەرەبەگ قەڵاچۆ کران،بەڵام سەدام ڤایرۆسی ئاغاو دەربەگی گەشە پێدا، دەزگای سەرکوتی دەسەڵات پەرستان ئەمڕۆ لە عێراقدا لە گەڵ دوێنێ هەر یەکێکەو هەر خۆیەتی ،بەڵام خۆی گۆڕیوە،داگیرکەری بەرێتانی ، ئیستاشی لە گەڵدا بێ، عێراق بە میراتی بێ ئەملاوئەولای خۆی دەزانێ،ئەگەر بەعس ئەمەی مۆرنەکردایە کاتی خۆی گووی دەخوارد دەگەیشتە دەسەڵات، نهێنی بەرز بوونەوەی ڕادەی جەماوەری ئەم جۆرە حیزبانە ئەم مۆرقۆنتەراتی یە یە کە پێش وەخت بە هەر دە پەنجە دەیکەن و کردوویانە ، کە بە سەرکوتی جەماوەر ،هەڵخەڵتاندنی جەماوەر ،زیندانی کردنی خەباتگێڕان و ئازادیخوازان ،چاوترساندنی خەڵک و کوشت کوشتاری جەماوەر ،قەتل و عامی شیوعی یەکان دەستی پێ کرد،کە ئەمە مەرجی پێش وەختی عائلەی مالکەی بەریتانیا بوو،ئینجا بەعس و سەدام وەکالەتەکەیان وەرگرت.

ئای ئەمڕۆ چەند لە دوێنێ دەچێت ،مەلا بەختیار ،هاتوە بە هەموو عەقڵی یەوە ئە مە بە سەر جەماوەری بەرینی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان هەروەک خانەقینی یەژن ،عەببر بکات،شەریکایەتی و طیزێن وفەت لیبیاسەکەیان لە گەڵ مەلا کرێکارەکان و عەلی باپیرەکان،سیستانی یەکان و عەلاوی یەکان

یاوەرەکان،لەو لاوە بوەستێ ،وەک شەقاوەیەکی تالەبانی نەک لەلای ئەو لە ئازادی هەر نیە باس ،بەڵکوو لە سویدەوە وەک بەعسی یەکی کوردی ئەم جارە جەفرەی قەتل وعامی کۆمۆنیستە کرێکاریەکان ئەنێرێ بۆ عائلە مالکەکان ، کە ئیتر کاتی ئەوە هاتوە وەکالەتەکەیان وەرگرن هەر وەک جۆن بەعسی عەرەبی وەری گرت پێش چل ساڵ،بەڵام ئەم جارە دەست ماچ کردنی مەلیک عەولاشی هاتە سەر ، نەک تەنها مۆری دە پەنجە

مەلا خەریکە بەم هاژوهوژە بە هەموو عەقلی یەوە ئەو جەماوەرەی چاوی تیژی بڕیوەتە گوڵی ئازادی و سەربەخۆیی ڕەوانەی لایەکی دی بکات،ئەوە تەنها لە بیری خۆی دەباتەوە ،ئەگینا منالێک لە کوردستان دەزانێ بەعس چ عەرەبی ،چ کوردی ،نۆکەری عائلە مالکە داگیرکەرانن.ئەگەر نا بۆ دەبێت ڕێبوار عارف لە زیندان دا بێت ،خاوەنی بیست ساڵ خەبات و تێکۆسانی بێ پسانەوە لە دژی بەعسی عەرەبی ،وەفاداری تا سەر ئێسقان بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان و مافە ڕەواکانیان، کەسایەتی ناسراو و خۆشەویستی خەڵک لە کوردستان ،دەنگی دلێری نارەزایەتیی زۆربەی ئە و پەنابەرانەی سیانزە ساڵە لە جەور و ستەمی حوکمی بەعسی کوردی بە لێشاو کوردستان بە جێ دەهێڵن ،ئەو ئامانج و ئاواتانەی کە ڕێبوار عارف لە پێناویدا لە لایەن بەعسی عەرەبی یەوە مەحکوم بە لە سێدارەدان کرا بوو هەرئەو ئامانجانەیە ئەمڕۆ لە پێناویدا خراوەتە زیندانە تاریکەکانی تالەبانی یەوە، دڵنیام سبەی لە ژێر فشاری بەرینی دەنگی نارەزایەتی جەماوەر و لایەنگران و خۆشەویستانی ئە و عاشقە دێرینەی ئازادی یەوە شەقامەکان دەهەژێن، ئەو کاتە و ئێستاش هیچ لەو ڕاستی یە ناگۆرێ کە ئێوەو بەعس تەنها کوردی و عەرەبی یەکەتان لێک جیاوازە،[ ڕێبوار عارف]یش،بە گوێرەی ئەو لێشاوی نامەی نارەزایەتییانەی چەند ڕۆژە کراوەتە سەر حزبەکەی تالەبانی ،بە جەدارەتەوە ئەوە ئەسەڵمێنی کە کاندیدێکی هەڵبژاردەی ڕاستەقینەی جەماوەری یەو زیندانی کراوە، نەک هەر دەبێ دەسبەجێ

ئازاد بکرێت بەڵکو دەبێ داوای لێبوردنی لێ بکرێت و داوای ئەوەشی لێ بکرێت کە پۆستی وەزیری مافی مرۆڤ وەکووکاندیدی کۆمۆنیستە کرێکارییەکان قەبووڵ بکات،ئەگەر خۆی ڕازی بێت ،ئەوانەی بە قسەی مەلا بوایە دەبوایە ئەمڕۆ تەپووتۆزیشیان نەمابوایە.

بە سووکایەتی یەوە مەڕوانە مار ،لە بەر ئەوەی شاخی نی یە ،ڕۆژێک دادێت ببێت بە ئەژدەها

پەندێکی چینی